

# با لة ثشيلةوة فيربين...!

ضيمةن كةريم

پێوانی بەرهەمەکانی چالاکی بیری مرۆڤ، پێموانییە هەمیشە بە بۆچوون و لێکدانەوەی ڕاست یان هەڵەوە بەسترابنەوە. بەڵکو لەمە گرنگتر، شێوازی بیرکردنەوەو داهێنان لەبیرکردنەوەدا و مێتۆدی نوێ و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونە. و هەر ئەمەشە کە هەر لەدەستپێکی ژیانی مرۆڤەوە فاکتەرو مۆتیڤی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بووە. و گەرچی زۆربەی هەرەزۆری جارەکان ئەو داهێنانانە هێندە بچووکن کە ڕەنگە باسکردن و لێدوان هەڵنەگرن. بەڵام بەکەڵەکە بوون و خڕبوونەوەیان لەسەریەك، بایەخ و گرنگیەکەیان بەدیار دەکەوێت. داهێنانێکی بچوك هەرچییەك بێت لە لاساییکردنەوەیەکی گەورە باشترە. بوارەکانی بیرکردنەوەو چالاکی هزری مرۆڤ وەك زۆربەمان پێمان وایە تەنیا لە سیاسەت و مەزهەب و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و ئەدەب و هونەردا خڕنابنەوە. بەڵکو زۆر بواری ورد و چاوەڕواننەکراویش هەن کە مرۆڤ دەتوانێ لێیان بدوێت و سەرەڕای جوانکاریی، وەك ئەزموونی نوێش ئاوێتەی ژیانییان بکات.

لە یەکێك لە ڕۆژە باراناوی و ساردەکانی ئەمساڵی هۆڵەندا دا . دوای تەواوبوونی هەشت سەعاتی کاری ڕۆژانەم کە هەروەك ڕۆژانی تر لەسەعات شەشی بەیانییەوە دەستی پێکردبوو، و (کە بریتیە لە پێڕاگەیشتن بە کەسانی پیرو پەککەوتەو نەخۆش لە ناوماڵەکانی خۆیان یان شوێنی تایبەتی کە بۆ حەوانەوەیان دابینکراوە)، لەگەڵ بەرپرسیاری بەشی ئیداری ئیشەکەشم دانیشتنم هەبوو.و وەك زۆربەی جارەکان ئەمجارەش نیو سەعاتێك زووتر هاتبوومە شوێنی دانیشتن. ئەمەش پتر، لەبەر ئەوەی نەکا لە ترافیکی ڕێگادا لەوادەکەم دوا بکەوم. بۆیە ئەمجارەش بەپەلە خۆم گەیاندە بەردەمی پەرتووکخانە بچوکەکەی شوێنی کارەکەم و بەرەو ئەو قولینچکە ڕۆیشتم کە چەند جاران پەرتوك و بابەتی نوێ و نامۆم لەسەر پسکولۆژی و سپرتوێلی لێ وەدەستکەوتبوو. بەڵام ئەمجارەیان پەڕتووکێکی نوێ و بابەتێکی تەواو نامۆم کەوتەبەردەست. پەرتووکێك کە وێنەی چەند پشیلەی بەسەرەوە بوو. سەرەتا وامزانی ڕەنگە چیرۆك و بابەتی منداڵان بێت و بەهەڵە کەوتۆتە ناو کتێبەکانی

تر. بەڵام کە پەڕەکانم هەڵدایەوە ، لەپەڕەی یەکەم نووسرابوو: باشتر وایە مرۆڤەکان ڕەفتاری پشیلان بکەنە سەرمەشقی خۆیان..تا هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەو چاوپێداخشاندنێکی خێرا، کاتی دانیشتەکەم هات. دوای دانیشتنەکە سەرلەنوێ بەپەلە هاتمەوە بەردەم پەرتووکخانەکەو بۆم دەرکەوت ناوەرۆکی پەڕتووکەکە زانیاریی جۆربەجۆرو فراوانە لەسەر پشیلە. بەڵام ئەوەی لەمەدا جێگای سەرنج بوو دیتنەوەی جۆرە پەیوەندییەکی ئەو زانیاریانە بوو بەمرۆڤەوە. ئەمجار بۆ ناوی نووسەرەکەی گەڕام. و کورتیەکەی پاش چەند ڕۆژ، و دوای گەڕان و سۆراخێکی کەم دەرکەوت نووسەری پەڕتووکەکە هەر لەم شارەیە کە منی لێ دەژیم. خۆشحاڵبوم و هەرچۆنێکبووخۆم گەیاندێ .

بەڕێز ژان پاول jean paul نووسەری پەڕتووکەکانی وەك: katten van Houden، nkatte Larouse، encyclopedie، signer et conaitre، Le siamois لە دەهەی حەفتاکانی تەمەنییدایە. نێوان ساڵانی 1975-1999 لە زانستگای ئوتریخت لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسی لەسەرکاردامەزراندنی ئەو کەسانە بووە کە خاوەن بڕوانامەی باڵابوون و بێکاربوون. و کاتێك چوومە ماڵیان کە پێشتر وادەی چاوپێکەوتنم لە گەڵ بڕاندبوو. خۆی و (selvia) ی هاوسەریی زۆربە گەرمی و خۆشحاڵیەوە پێشوازیان لێکردم. دوو مرۆڤی یەکجار سادە، لەماڵێکی لەخۆیان سادەتر ژیان بەسەر دەبەن. دیواری ژووری کارکردنی بەڕێز ژان پاول سەرتاپا بە وێنەی جۆربەجۆری پشیلە ڕازاوەتەوە. بەڕێزیان خۆشحاڵی بە سیمایەوە دیاربوو.

بەر لەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین هەر خۆی هەستاو قاوەیەکی ئیسپرۆسۆی لە کوپێکی زۆر بچوکدا بۆ هێنام. لەوکاتەدا بەڕاستی ئارەزووی ئەو چەشنە قاوەم دەکردو دەتگوت داخوا هەستی منی خوێندۆتەوە. ئەمجار دیارییەکەی خۆمم پێشکەش کرد کە پەیکەرێکی سیرامیکیی پشیلەیەکی نەژادیی بچوك بوو. یەکسەر بە خۆشحاڵییەوە بانگی ژنەکەی کرد: سێلڤیا! وەرە بزانە شیمێنە(چیمەن) چی بۆ هێناوم...

پرسیار: دیارە ئەوەندەی من لە چاوپێخشاندنێکی خێرا بەیەکێك لە پەڕتووکەکانی ئێوەدا بۆم دەرکەوتووە، ئەمەیە کە باس لە نەژادی پشیلەدەکەن و لەزۆر ڕووەوە بە وردی و زانستیانە زانیارییەکی زۆر دەخەنە ڕوو. دەکرێ بزانین دەسپێکی کارەکەتان چۆن بوو. و چی وای لێکردن بیر لە نووسینی وەها بابەتێك بکەنەوە.

وەڵام: بۆخۆت دەبینی ئێمەی ڕۆژئاوایی زۆر گرنگی بە ئاژەڵ دەدەین و بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە جۆرێك لە ئاژەڵ، یان باڵندە بەخێو دەکات. و با لە هۆکارو مۆتیڤی ئەم کارە گەڕێین و ئێمەش وەك خەڵکی تر پشیلەمان هەڵبژارد تا لە ناو ماڵی خۆمان بەخێوی بکەین. ئەمە نزیکەی چل ساڵ پێش بوو. ڕۆژێك لەگەڵ سیلڤیای هاوسەرم چووینە پێشانگایەکی پشیلان. کە لەوێدا نەژادە ڕەسەنە جۆربەجۆرەکانی پشیلە نیشاندەدرا. لەویش چەند پشیلەیەکمان کڕی. و کورتییەکەی دوای زاووزێکردن ژمارەیان گەیشتە نزیکەی بیست پشیلە.خۆشم نازانم چی وای لێکردم ڕۆژانەو زۆر بەوردی سەرنج بە وردترین ڕەفتارو ژیانی پشیلەکان بدەم و سەرەنجام وام لێهات بە دوای نەژادە جۆربەجۆرەکانی پشیلەدا گەڕام. زانیارییەکی زۆری ئەکادیمی و ئەزموونی دیتنی خۆشم خڕکردنەوەو گەرچی من لە ڕووی ئەکادیمییەوە شارەزاییم لە بواری ئیدارەدایە، و ئەو کاتە هیچ زانیاریی‌یەکم لەسەر زیندەوەرناسی نەبوو. بەڵام خڕکردنەوەی زانییاری لەسەر پشیلە لە سەرێکەوە بۆم بوو بە

هۆبییەك و لەسەرێكی تریشەوە هەستم بەمەدەكرد ڕۆژبەڕۆژ زانیاریی نوێ بەدەستدەخەم و كەمو زۆر شتێكی نوێ ئەنجام دەدەم كە پێشتر ئەنجامنەدراوە. پاشان دەستمكرد بەنووسینی ئەوزانیارییانەی بەدەستم دەخستن و دەمناردن بۆ چاپەمەنی. و دەتوانم بڵێم سەدان بابەتی جۆربەجۆرم لەسەر نەژادی پشیلە بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە لۆكاڵی و سەرتاسەرییەكان نارد. ئیتر هێندەم زانیاری لە سەر پشیلە خڕكردەوە تا ئەوەی بەبیرمدا هات كە چما ئەو زانیارییانە نەكەمە پەڕتوكێك و چاپی بكەم. و بەمجۆرە پەرتووكی دووەم و سێهەمیشی بەدوادا هات...

**پرسیار: باشە ئێوە لەم نووسینانەتاندا دەتانەوێ تەنیا زانیاری لەسەر ڕەگەزی پشیلە پێشكەش بكەن و تەواو، یان لەمیانییەوە پەیامێكیشتان هەیە كە دەتانەوێ بەمرۆڤی بگەیەنن.:**

وەڵام: بێگومان پەیامم هەیە. هەر لەسەرەتای گەڕان و بەدواداچوونەكانمدا ئەوەی سەرنجی ڕادەكیشام بەراووردكردنی ژیانی پشیلە لەگەڵ هی ئادەمیزاد بوو. جارێ هەر لەبنەڕەتەوە ئەو بۆچوونانەی مرۆڤ لەسەر ئاژەڵ هەیەتی زۆربەی هەرەزۆریان هەڵەن. لەلایەكی تریشەوە كۆمەڵە خەسڵەتێكی پشیلەم بۆ ڕوونبۆوە كە لەمیانییەوە بەخۆمم دەگووت مرۆڤیش دەبێ ئاوا بژی: بۆ نموونە: پشیلە ئاژەڵێكە هێندە بە ئاسانی تورەنابێت و شەڕناكات بەڵكو دەیان فێڵ و تاكتیك بەكار دەهێنێت تا خۆی لەشەڕ بپارێزێت: دەچێتە شوێنی بەرز، هەوڵدەدات شەڕەكە بكاتە یاریی، خۆی بێدەنگ دەكات و دووردەكەوێتەوە....و ئەگەر هیچ چاری نەما ئەمجار هێرش دەكات. یان نموونەیەكی تر: ئێمە دەبینین كە سەگ لە ناو ئاژەڵەماڵییەكاندا خۆشەویستەو لەبەراوورد لەگەڵ پشیلەدا ڕۆحسووكترو بێ زیان ترو پتر وەك دۆستی مرۆڤ چاوی لێدەكرێ لەحاڵێكا وانییە. سەگ هەڵگری خەسڵەتێكی زۆر خراپە ئەویش ئەمەیە كە هەمیشە بەقسەی خاوەنەكەی دەكات و ئەگەر خاوەنەكەی پێی بڵێ پەلاماری كەسێك بدات دەیكات. لە حاڵێكدا پشیلە ئاژەڵێكی ملكەچ نییەو چەندە پەیوەستەی خاوەنەكی بێت وخۆشی بوێت ، تا خۆی نەگاتە قەناعەت بەقسەی ئەو پەلاماری كەس نادات

**پرسیار: باشە ئێوە پێتان وایە كارەكەتان سوودێكی هەیە...؟**

وەڵام: سەرەتا، بیرم لە سوود نەكردەوە. و زۆرتر وەك مەراق و فزولییەكی خۆم ، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مژارێكی نامۆ بوو. بەڵام پاشان بیرم بۆ ئەمەش چوو كە ئەو زانیاریانەی من بەدەستییان دەخەم با بە جۆرێك بن خەڵكیش سوودیان لێ ببینن. ئاستی سوود وەرگرتنەكە پەیوەستەی خەڵك و خوێنەرە. هەیە پێی كارێكی زۆر شایستەیەو هەشە گاڵتەی پێ دێ. بەڵام كارەكەی من دەكرێ لەچەند ڕووەوە سوودی هەبێ : یەكەم ئەوەی كردوومە هەروا هەرەمەكی نەبووە. بەڵكو هەرچییەكم بەدەستهێنابێ هەوڵم داوە پاڵپشتێكی زانستیشی بۆ ببینمەوەو بەواتایەكی تر كارەكەی من بەر لەهەر شت سوود بە زانست دەگەیەنێ. هەربۆیەش پێشنیازی خوێندنی كۆرسێكی دووساڵیم بۆ كراو پەسەندیشم كرد و لە ئەنجامدا دیپلۆمی (meester kuur) م وەرگرت. كە بوومە بەرپرسی لێكجیاكردنەوە و گرووپبەندی نەژادەكانی پشیلە. دووەم: هەروەك پێشتر گوتم، كە ئەمەیان بۆخۆم زۆر گرنگ بوو، ئەویش بەراوردكردنی ژیانی ئاژەڵ لەگەڵ هی مرۆڤدا. جێی داخە كە ئادەمیزادی خاوەن هۆش و عەقڵ لەم جیهانەدا، لەگەڵ خۆیداو دژی خۆی و هاوچەشنی خۆی لە ئاژەڵ دڕندەترو بێبەزەیی ترە. ئاژەڵ هیچكات خۆی و ڕەگەزی خۆی لەناونابات. بەڵام بڕوانە مرۆڤەكان چەندە بە ئاسانی و لەسەرچی

بەگژیەکدا دەچن و یەکتری قەتلوعام دەکەن و مەترسی دەخەنە بەردەم چارەنووسی مرۆڤایەتی. ئاژەڵ چەندە دڕندە بێت تەنیا لە حاڵەتی برسییەتی و بەرگریکردن لەخۆی دڕندەیی دەنوێنێ. بولام مرۆڤ، بۆ ئارەزوو، و لە پێناو بەرژەوەندییەکی زۆر بچوکدا ئامادەیە گەورەترین زیان بە هاوچەشنی خۆی و ئاژەڵ و ژینگەی بگەیەنێ. سەیرکە مرۆڤەکان لەسەرچی شەڕدەکەن: مەزهەب، ئایدیۆلۆژیا، سامان، ڕەنگ، زمان، کولتوور، بستە زەویەك...کەبەش بەحاڵی خۆم هیچ واتایەکی لۆژیکمەندانە بۆ ئەم ڕەفتارە هەڵانەی مرۆڤ نابینمەوە. بەڵام لەهەر ڕەفتارێکی پشیلەدا واتایەکی لۆژیکی هەیە. بۆیە من هەمیشە کە لەپشیلەو ڕەفتارەکانی ورد دەبمەوە، مرۆڤم دێتە بەرچاو. سوودی سێهەمیش بۆ خەڵکی عەوامە کە بتوانن باشتر لەو ئاژەڵانە بگەن کە لەماڵدا لەگەڵیاندا دەژین و بەخێویان دەکەن . ئایا پێتوانییە کە پێویستە مرۆڤ لە ئاژەڵ و بەردو داریش بگات..؟


.

بەڵێ منیش پێموایە. بەڵام با پرسیارێکی تر بکەم! ئێوە لەکارەکەتاندا پێدەچێ ماندووبوون و شەونخوونی و ڕەنگە سەفەرو گەڕانیشتان پێویست بووبێ. بۆ کارێکی واش خەرج و پارەی دەوێ. کەسێك یان لایەنێك هەبوو لەم ڕووەوە یارمەتی تۆ بدات..-بەڵی..! ڕاستە. من پێویست بوو بۆ وڵاتانی دەرەوەش سەفەر بکەم لەوانە ئەمەریکا، روسیا، وڵاتانی تری ئەوروپا...هەروا دیارە ئێوەش دەزانن کاری توێژینەوەو بەدوادا گەڕان بێ پارە ناکرێ. لەم ڕووەوە من یارمەتیم لەدامودەزگا پەیوەندارەکان وەردەگرت. بەڵام ئەوپارەیە زۆر بەوردی حساب دەکرا. بە جۆرێك کە ئیتر تەنیا کارەکەی پێ ئەنجامدەدراو هیچ بۆخۆم نەدەمایەوە. گرنگ نییە. مەبەستم ئەوەیە کەمن لەم کارەمدا هەرگیز سودێکی مادیم پێ نەگەیشتووە. بۆنموونە کاتێك سەفەرم دەکرد تەنیا پارەی هوتێل و خواردن و پێویستیەسەرەکییەکانی تریان بۆ دابین ێدەکردم و بەس. هەر بابەتێکیشم بۆ چاپەمەنی نووسیبێ تەنیا پارەیەکی سیمبۆلیکییان داومێ .

پرسیار: لەناو پەرتووكخانەكەتدا، دەبینم بەرهەمەكانت بە زمانی تریش تەرجەمە كراون.

وەلام: بەڵێ! بەزمانەكانی ئنگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسیش...

پرسیار: دیدی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی بۆ ئاژەڵ و مامەڵەكردنی لەگەڵی زۆر جیاوازە لە هی ڕۆژئاوایی. ڕەنگە پتریش بەرای من لەمەوە هاتبێ كە گرفتە سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتییەكانی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی قووڵترو یان با هەر بڵێین جۆرێكی ترن. ئێوە لەم ڕووەوە چ سەرنجێكتان هەیە..؟

وەلام: ڕاستە، ئاژەڵ لە ڕۆژهەلات زۆر بێنازە. بەلام من چ چاوەڕوانییەكم لەمرۆڤی ڕۆژهەلاتی دەرهەق بە ئاژەڵ هەبێت كاتێك مرۆڤی ڕۆژهەلاتی خۆی دلشكاوو بێنازبێت.؟ مرۆڤی ڕۆژهەلاتی هەر فریای خۆی دەكەوێت. ئاخر لەناو ئەم هەموو گرفتانەدا كە خۆشتان ئاماژەتان پێكردو لای كەسیش شاراوە نییە مرۆڤ چۆن دەتوانێت بە ئاژەڵ ڕابگات..؟ پێشتان وا نەبێ كە من ئەم قسانە دەكەم لە ڕۆژئاوا زۆر ڕازی بم. ئەگەر لە سیاسەتی ڕۆژانەی ئەم ولاتانەی ئێرە وردبیەوە پۆخڵەواتی وادەبینیەوە كە مایەی شەرمەزارییە. سەیركە دوای ئەم هەموو دیرۆكە دووردرێژەی دیموكراسی و ئازادیی ڕۆژئاوا، دەنگۆی ئەوە هەیە كە جارێكی تر سزای لەسێدارەدان بگێڕنەوە. ئەمەیانت پێچۆنە..؟! ئەگەر ئێمە لێرە نازی ئاژەڵ هەڵدەگرین ئیتر ئەمە بەو مانایە نییە كە لەهەموو ڕوویەكەوە تەواوین. ئاخر من هەر چاودەكەمەوە كاری ناشایست لەمرۆڤ دەبینم بە ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییەوە. بۆیە دەڵێم با لە پشیلەوە فێربین...

